# پێنج ساڵ دوای ڕزگاربوونی ناوچە دابڕاوەکان

نەورۆزی ئەمساڵ (٥ساڵ) بەسەر ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئازادکردنی سەرجەم عێراق و ناوچە کوردیەکاندا تێپەری کرد.ئەو ماوەیە کە لەزۆربەی وڵاتە دیموکراتیەکان دوو خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و دوو کابینەی بەخۆوە بینیوە لە پێناوی پێش کەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە وڵات و دانیشتوانی وڵاتەکەیان،چەندین کەس لەو وڵاتانە لەسەر کار لابراون،یان لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا کراوە لەسەر بچوکترین گەندەڵی.کەچی لەوڵاتی ئێمەدا و بەتایبەت لەناوچە کوردیە ڕزگارکراوەکان نەک هەر ململانێکیان لە پێناوی بەرژەوەندی حزبایەتی و بەرژەوەندی شەخسی و دزی کردندا چربووەتەوە.بۆیە ئەو ناوچانە هیچ گەشەکردن و پێش کەوتنێکی ئەوتۆیان بەخۆوە نەبینیوە.بۆ ئەوە مەبەستە گەڕانێکمان بەناو خەڵکداو چەند پرسیارێکمان لێ کردن سەبارەت بەهۆی پێش نەکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووری خەڵک و دواخستنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەو جێگایانە...سەرەتا لە شاری کەرکوک لەگەڵ چەند مامۆستایەک کەوتینە گفت و گۆ لەسەر ئەو مەسەلانە.مامۆستا(گوڵاڵە حمە غەریب) وتی"کەرکوک وەکو خانوویەک یان ملکێکی عێراقی لێ هاتووە کە مابێتەوە بۆ کۆمەڵێ کوڕ و کچ کە هەریەکەیان خاوەنی ماڵی خۆیان بن و خۆیان نەکەن بە خاوەنی و دواجار خانوەکە ببێ بە کەلاوە،بەڵام ئەگەر یەکێک ببێ لێیان بکرێ یان بەکرێ بیگرێ کوڕ و کچەکان لەسەر تەماع لە نێوخۆیاندا دەیکەنە شەر و هیچ ڕێزێک بۆ یەکتر ناهێڵنەوە".مامۆستا (بەیان)وتی"بەداخەوە ئێستا بە هیچ شێوەیەک کاتی ململانێ ی نێوان حزبە کوردیەکان نی یە لە کەرکوک چونکە نەتەوەیی دیکە و ناحەزانی کوردی زۆرتیایە ئەوان تاکە سودمەند دەبن و تەنیا کورد دەبێتە قوربانی و (حەیای) دەچێ،کەچی نەک هەر ململانێی خراپ و نازانستیانە بەڵکو (شەرەپەڕۆ) گەیشتۆتە لوتکەی گەشەکردن بە شێوەیەک خەریکە ڕۆژگارەکانی پێش شەری ناوخۆمان بە فکر بێنێتەوە".مامۆستا (فوئاد)وتی"خزمەتی ئەم شارە و ئۆباڵی کوردی ئەم شارە لە ئەستۆی ئەواندایە.عەیبە بۆ حزبێک لە بودجەی حکومەتی هەرێم دێنێ و بە ناوی حزبەکەی خۆیەوە هەندێ شوێن لە شارەکە چاک دەکا و ناوێکی بەسەردا فەرز دەکا و ئاڵای حزبەکەی خۆی لەم بەرەوە بۆ ئەوبەری هەڵدەواسێ،ئەگەر ڕاست دەکەن با ناوێکی گشتی کوردی لێ بنێ و ئاڵای کوردستان هەڵواسێ".لەناو هەموو مامۆستایاندا مامۆستا(نەوزاد)خراپی ڕەوشی پەروەردە و فێرکردنی کرد لە خوێندگا کوردیەکان،کە نەک هەر منالان .بەڵکو مامۆستایان و خوێندکارە گەنجەکانیش بوونە بەقوربانی ململانێ ی نارەوای حزبایەتی ئەم شارە.ئەو وتی "من بە بەڵگەوە دەیسەلمێنم کە چەندین قوتابی و خوێندکار لەبەر خراپی ڕەوشی خوێندن لە خوێندنگا کوردیەکان چوون بۆ خوێندنگا عەرەبییەکان،یان هەیانە گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی هەرێم کە ئەوانەی ئاواتی دێرینی عەرەب و بەعسە"،هەروەها وتی"هاورێیەکی لە چەمچەماڵەوە ماڵی گەڕاوەتەوە بۆ ئەم شارە خۆشی لە قوتابخانەی(ص) دانرا کەچی بەرێوەبەرەکە وەری نەگرتبوو بە بیانووی ئەوەی کە مامۆستای پێویست نی یە.بەڵام دواتر مامۆستای دیکەشی وەرگرت،هۆکارەکەشی وەکو زانیان بەرێوەبەرەکە تەنیا حەزی لە مامۆستایەک دەکرد کە لە حزبەکەی خۆیدا بێ.لەمەوە دەردەکەوێکە ئێمە خۆمانیش وەکو پێویست کوردایەتی ناکەین و خزمەت ناکەین ئەگینا حزب و حکومەت لە چەندین کاری خراپدا بێ ئاگان)...ڕۆژی ٣/٢٤سەردانی فەرمانگەی نفوسی کەرکوکمان کرد ئەو ڕۆژە بوو کە خۆپیشاندانێکی گەورە لەلایەن خەڵکەوە دژی پۆلیس و فەرمانبەران کرابوو.لەوێ وڵاتی (عوسمان محەمەد)سەرەرای هەندێک قسەی ناشیرن بەکاربەدەستان. وتی "ئەمانە(خائینن،بەرتیل خۆرن) نایەنەوێ کورد لەم شارە بمێنێ و زیاد بکات وەڵاهی مانیعم نی یە چەکێک بهێنم و چۆن تەقەم لە بەعس کرد ئاواش تەقە لەمانە بکەم،ئەمانە چونکە خۆیان ڕەوشتیان نەماوە و خەریکی پارە و تەماح و ژن و خواردنەوەن ئاگایان لەم شارە نەماوە ئەگینا تورکمانێکی خوێری جۆن دەتوانێ جنێو بەکورد بدات و معاملەکانمان ون بکەن و بیدرێنن،کێ ئاگای لە کوردە کێ ئاگای لە مەکتەب و جادە و ئاو کارەبایە براکەم ڕەحمەتت لێ بێ تۆش وازم لێ بێنە.ڕۆژی ٣/٢٥چوینە ناحیەی (لەیلان)کە بە ناحیەی قەرە حەسەن ناسراوە.لەوێش بەهەمان شێوە خەڵکێکی زۆر کۆمەڵەیان کردبوو گلەییەکی زۆریان هەبوو لە سیستی کارەکان و زمانی پیسی پۆلیسەکان لەگەڵ خەڵکدا،(خلیل علی)وڵاتیەکی داماوی بێ ئیش وکار وتی"من لە ٢٠٠٧/١٢/١٧ وە لێرەم مامەڵەکەم تەسلیم کردووە کەچی ئەڵێن دیار نی یەو وون بووە،نەک هەر من نزیکەی (٣٠٠معامەلە)لە ڕۆژی ١١ی ئازاردا فەوتێنرا کەسیش نازانێ بۆ چی و هۆی چی یە وامان لێ دەکەن،بەڵام بە بروای ئێمە هەندێ زۆڵە تورکمان هەیە ئەوان وەزعەکەیان تێک دایە.لەم هەموو مامۆستا و موەزەفە ناتوانن حەوت هەشت موەزەفی باش دابنێن،ئەمانەش هەندێکیان هەر وە بەرتیل و دەعوەت کردن ئیش ئەکەن...لەبەرێوەبەرایەتی پەروەردەی چەمچەماڵ چەند گەنجێکیان بینی کە لە خانەقین و جەلەولاوە دەوروبەریەوە هاتبوون بۆ دامەزراندن،ووتیان ئەی لەوێ دانامەزرێن کاتێ کەباسی ڕەوشی ژیانی ئەوێ یان کرد بۆمان دەرکەوت کە لە کەرکوک خراپترن.(عماد محەمەد) کە دانیشتووی خانەقین بوو وتی "لەو شارە یەک شارع چاک نەکرایە،باسی بەنزین و نەوت هەر مەکە چونکە(کاک حەبیب)ی بەنزینخانە موحاسەبەمان دەکات قایمقامیش باجەڵانی یە لەهەموو ئیش و مەشروعێک حسەی هەیە.هەر بۆ دڵنیایی بە موبایل قسەمان لەگەڵ برادەرێک لە داقوق و یەکێک لە (دوز)کرد ئەوانیش هەمان ڕاو بۆچوونیان هەبوو هەروەکو کەرکوکی و خانەقینی و دوبزی و لەیلانیەکان قسەیان کرد،لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە دوو هۆکار سەرەکی بوونە هۆی ئەم گەندەڵی و دواکەوتنی کورد یەکەمیان لاوازی کورد بەرامبەر نەیارەکانی لەو شارانەدا و لەناو حکومەتی عێراقی،دووەمیان خۆ سوک کردنی کورد و خۆ خەریک کردنە بەکاری حزبایەتی یەوە نەک کاری نەتەوایەتی .هیوادارین کاربردەستانی کورد بە خۆیاندا بچنەوە و هەوڵێکی جدی بدەن بۆ چارەسەر کردنی ئەو گەندەڵی یە،ئەگینا مێژوو ڕەحم بەکەس ناکات.

ئامادەکردنی:
نەوزاد و بێستوون

# خەتای کێیە؟!

هەواڵەکان ئاشکرایان کر کە کۆمپانیای ئۆراس کۆم کە دامەزینەری کارگەی چیمەنتۆی بازیانە چەند بەشێکی کارگەکەی بەشێوەی بەڵێندەرایەتی داوەتە کۆمپانیایTAB و ئەم کۆمپانیایەش بەشێک لە کارەکانی داوەتە کۆمپانیای **ئای چیچەک** و ئەمیش مافی ٢٥ کرێکاری خواردووەو هەڵاتووە.

ئەم ڕووداوە وەک دەیان هەواڵی ڕۆژانەی دیکەی باشووری کوردستان خراوەتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، بەڵام ئایا دەکرێ سەرپێی وەک هەواڵ باسی لەم ڕووداوە بکرێ؟! بێگومان نەخێر، چونکە هەموومان دەزانین کە کارگەی چیمەنتۆی بازیان موڵکی حکومەت بوو، لەسەردەمی بەعس دروست کرابوو، حکومەتی هەرێم زۆر سوودی لێوەرگرتبوو، بەڵام دوایی لە سیناریۆێکدا وەک دەیان موڵکی دیکەی حکومەت بە ئەندام و هاوکارانی حزبە دەستەڵاتدارەکان فرۆشراو چارەنووسی کرێکاران ڕادەستی خەڵکی بەرژەوەندخوازو سەرمایەدارو بیانی کرا، ئەوێ ڕۆژی کرێکاران نارەزایی خۆیان پێشاندا، مانیان گرت، خۆپێشاندانیان کرد، بەڵام دەستەڵات ئاوڕی لێنەدانەوە، بۆ بەرژەوەندی خۆی فرۆشتی و پارەکەی حەپەلوش کرد، بۆیە ئێستا ئەو دەستەڵاتدارانە، بەتایبەتیش سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ڕووداوە بەرپرسیارە، دەبێ لەرێگەی دادگەی نێودەوڵەتیەوە تۆمەتبارەکە ڕاکێشێتە بەردەم دەستەڵاتی دادوەری و سزای بدات، هەروەها دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی خوراوی ئەو کرێکارانە بگێڕێتەوە

.

سەرتیپ کۆیی

# هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسانی ئاوێنە ڕسوا دەکەین

پاش بڵاوکردنەوەی وێنەی کەسایەتیەکی گشتی کە سەر بە بزوتنەوەی ئیسلامییە، لەرۆژنامەی ئاوێنە، لەچەند لایەکەوە هەرەشە لە رۆژنامەنوسانی رۆژنامەی (ئاوێنە) دەکرێت.

رۆژی سێشەمە هەرەشە لە (ئاری هەرسین) ی بەرپرسی نوسینگەی هەولێر و شەوی پێنجشەمەیش ٣/٢٧ بە تەلەفون هەرەشەی کوشتن لە سیروان غەریب بەرپرسی سایتی ئاوێنە کراوە. ئێمە ئەم کردارانە بەپێشێلکردنی ئازادی رۆژنامەوانی دەزانین و بەتوندی ئیدانەیان دەکەین ، داوا لە وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای ئاسایش دەکەین ژیانی رۆژنامەنوسانی ئاوێنە بپارێزن، هەرەشەکان بە جدی وەربگرن، لێکۆڵینەوەی یاسایی لە ئەنجامدەرانی ئەو هەرەشانە بکەن و بدرێنە دادگە، هەروەها ئێمە لەکۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەنوسانی کوردستان، داوا لە بزوتنەوی ئیسلامی دەکەین، هەڵوێستی روونی خۆیان سەبارەت بەو هەرەشانەی کە بەناوی بزووتنەوەکەیانەوە لەو رۆژنامەنوسانە کراوە، بۆ رای گشتی رابگەیەنن داواش دەکەین کێشەکانیان لەگەڵ ئاوێنە لە رێگەی یاساوە یەکلابکەنەوە.

**کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەوانانی کوردستان**

Ko_b_r_ku@yahoo.se

www.journalist.kurdistanan.net

**٢٨ ئازاری ٢٠٠٨**

# بازاڕی ئازاد، بازاڕی دارتاشەکانی شاری سلێمانی پەک دەخات

بەهۆی هاتنی کەلوپەلی بیانی بۆ ناو بازارەکانی هەرێمی کوردستان زۆرێک لە پیشەکان بەرە و کزبوون دەڕۆن وەک وەستا و شاگردەکانی دارتاشخانەکانی سلێمانی دەڵێن کەلوپەلە بیانیەکان تەنگ بە کارەکانمان هەڵدەچنێ،لەم بارەیەشەوە یەکێک لەو دارتاشانە پێیوایە زۆربەی خەڵک ئارەزوی لە شتەکانی دەرەوەیە و دەڵێن"ئەو داواکارییەی هەبوو لەسەر کەلوپەلی ناوخۆی ئێستا نەماوە".

"ئێمە لە ٨٠% کارەکانمان کەم بۆتەوە بەهۆی کەم بوونەوەی بازارەوە کە ئەمەش وای لەهەندێک دارتاشخانە کردوە واز لە پیشەکەیان بهێنن و بڕۆن بۆ کارێکی تر بگەرێن"،ئەمە قسەی (شوان محەمەد)ە کە ئەو یەکێکە لەو دارتاشانەی کە ئێستاش لە کارەکەی بەردەوامە سەبارەت بە بازاری کارەکەیان زۆر نارازییە ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە شتومەکی بیانی بازاری هەموو داگیرکردوە وای لە دارتاشەکان کردوە کە بازارێکی وایان نەبێ هەر بۆیە خەڵکیش ڕودەکاتە کەلوپەلی بیانی ،ئەو دەڵێت"بە ڕوکەش هی ئەوان جوانترە،بەڵام لە ڕاستیدا شتیی بازرگانیە و وانییە،تاقمی واهەیە لەوانەیە ٢٠وەرەقەی پێبدەیت و کەچی تەنیا٢٠ڕۆژ ساغە و دواتر دەشکێ و خۆی ناگرێ"سەبارەت بە داخستنی هەندێک دوکانی دارتاشی شوانە وتی"کە بازار نەما دوکاندارەکان ناچار دەبن دوکانەکانیان دابخەن چونکە سودی لێ نابینن،لەگەڵ ئەوەشدا کەمبوونەوەی خواستی خەڵکی لەسەر ئەو شتانە کە دروستی دەکەین".ئەو هۆکاری ئەمەشی گەڕاندەوە بۆ نەمانی پشتگیری کردنی حکومەت لەو پیشەیە واتە کە حکومەت سنورێکی دانەنا بۆ کەلوپەلی دارتاشی ئەوا بازار زۆر خراپ تێکدەچێ،چونکە "زۆربوونی ئەو کەلوپەلی بیانی وات لێدەکات واز لە پیشەکەی خۆت بهێنی"،ئەو بە ژمارە دیاری دەکات لە سنوری شاری سلێمانیدا(٨٧٠)دارتاشخانە هەیە" ،لە سالانی رابردوودا دارتاشە ناوخۆیەکان بازارێکی گەرمیان هەبوو ئەمەش وای لێکردبوون کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاری باشتر بکەن ئەوان لە چەند سالی رابردوودا دەیانتوانی هەموو کەرەستەیەکی پێویست بۆ هاوڵاتیان دروست بکەن،سەبارەت بەو شتانەی ئێستا دروستی دەکەن چی یە؟ شوان وتی"ئێمە لێرە دەرگا و ژووری نوستن و مەعرەز دروست دەکەین کە خەڵک زۆر لێیان رازییە،ئەوان دێن بۆلای ئێمە و کە ئیشەکانمان دەبینن زۆریان بەدڵە نرخەکانیشیان پێ باشە بەڵام ئەوانەی ئێستا دێنە لامان خەڵکێکی زۆر نین".

هاوکات ئێستا بازارەکانی کوردستان پڕە لە کەلوپەلی بیانی و سەبارەت بە چاکی و خراپی و پسپۆری ئەو شتانەی لەدەرەوە دێن کەمال ئەمین خاوەنی دارتاشخانەیەک بوو وتی"ئەو شتانە لە ڕووی دیزاین و شێوازی دروستکردن و ڕووکەشەوە لە ئەوەکەی ئێمە سەرنج راکێشترە و جوانترە خەڵکی بۆلای خۆیان رادەکێشن بەڵام لەڕووی توندوتۆڵیەوە و چاکی جۆرەکەیانەوە زۆر سەرکەوتوو نی یە و بۆ ماوەیەکی کاتییە"،هەروەها بەلای ئەوەوە ئەو شتانە باش نین و بەمادەیەکی دروستکراون تا ماوەیەک جوانییەکەی نامێنێ و زۆر زوو خراپ دەبێ.

سەبارەت بە بەرپرسی کار سەندیکاکان لە دنیادا دەورێکی گرنگیان هەیە لە پاراستنی کاری دەستی لە ناوخۆدا دارتاشەکان وەک خۆیان دەڵێن سەندیکای کاسبکاران هیچ ڕۆڵێکیان نەبینیوە بۆ پشتگیری کردن و پاراستنی مافی خاوەن پیشەکان،لەم بارەیەوە (مەریوان کەریم) خاوەنی دارتاشخانەی تاژان لە سلێمانی سەبارەت بە رۆڵی سەندیکاکان وتی"سەندیکای کاسبکارانی کوردستان هیچ دەورێکی نییە بۆ ئەم پیشەوەرانە".(کاوە جەلال)یش شاگردی یەکێک لە دارتاشخانەکانی ئەو شارەیە ئەو شاگردەش هەر وەک خاوەن کارەکەی لەکاری دارتاشی نائومێد بوو،ئەو لەبارەی کارەکەیان وتی"ئێمە بازارمان نییە و زۆر کەمی کردووە،زۆربەی شتەکانمان لەدەرەوە دێت و زۆربەی بازرگانییە و تیجارییە،کە بازاریان کۆنترۆڵ کردووە و پێشتر ئەو داواکارییەی هەبوو لەسەر کەلوپەلی ناوخۆ ئەوە نەماوە و زۆربەی خەڵک ڕوودەکاتە شتەکانی دەرەوە،چونکە لەبازاردا زۆرن و بەلای خەڵکەوە باشترن"،سەبارەت بە داخستنی هەندێک لە دوکانەکانی دارتاشی ئەو شاگردە ئاماژەی بە نەبوونی بازار و کەمبوونەوەی داواکاری لەسەر کارەکەیان ئەو وتی"ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم پیشەیە روو لەکەمبوونەوە دەکات،لەلایەکی تریشەوە هۆی داخستنی دوکانی دارتاشی بژێوی و بەرێوەبردنی ماڵ و خێزان زۆر قورسە و کەسێک ناتوانێ بژێوی خۆی و خێزانی بەم پیشەیە دابین بکات بۆیە ناچارە واز لەو پیشەیە بهێنێ و بچێت بەدوای کارێکی تردا بگەرێ،کە بتوانێت بەلایەنی کەمەوە ژیانی خۆی و خێزانەکەی دابین بکات".ئەو دارتاشانەی کە ئێستا خەریکی کارەکانیانن زۆر بێزاری و ماندون لە کارەکانیان و ئەوانیش کە وازیان هێناوە بەتاسەوەن کە ڕۆژێک بێت بازاری کارەکەیان وەک جارانی لێبێتەوە و ئەوانیش بگەرێتەوە سەر کارەکانیان هەروەک(کاروان سابیر) یەکێک بوو لەو دارتاشانەی کە وازی لە کارەکەی هێناوە و بە ئاواتەوەیە بگەرێتەوە وتی"دوای ئەوەی بازار نەماو ئیشەکە بەرەو کزی ڕۆیشت وازم لە پیشەکەم هێنا و لەگەڵ ئەوەشدا ئاواتە خوازم کە کارەکەم وەک جاران بازاری هەبێ و بۆئەوەی بگەرێمەوە بۆ سەر کارەکەم".پیشەی دارتاشی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ وەک پیشە دەستیەکانی تر رووڵەکەم بوونەوە و لەناوچوون دەچن،لەم بارەیەوەش نوێنەری دارتاشەکانی سلێمانی لە سەندیکای کاسبکاران گلەیی لە سەندیکای کاسبکاران کرد کە لێیان ناپرسنەوە،ئەمە و (جەزا محەمەد)وتی"سەندکای کاسبکاران هیچی نەکردووە بۆ رێگرتن لەو هەموو کەلوپەلەی لەدەرەوە وڵاتەوە دێت کەبۆتە هۆی نەمانی بازاری دارتاشەکان چونکە زۆربەیان سەر بە حکومەتن و خاوەنی توانا و سەرمایەکی باشن دنیاش وایە وەک دەڵێن بازار بازاری ئازادە واتە شارەکەی خۆت بکوژیت لە رووی ئابوریەوە لەبەر بازاری ئازاد ئەی ئەو خەڵکە پیشەوەرە چی بکات لە بازار"





ئامادەکردنی:
ئارام حسێن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com